شانۆی چینی ... بازنەبوو محەمەد جەزا

چین یەکێکە لەوانەتە کانی ڕۆژهەڵات ، بەشدارە لەبونیادی ژیارێکی دەوڵەندی هونەر بەگشتی و شانۆ بەتایبەتی کەناوەبرێت بە (شانۆی ڕۆژهەڵات) و زۆرێك لەهەخنەگرانی دراما و شانۆ باوەڕیان وایە شانۆ لەوانەتی چیندا بایەخی نەبووە تاسەردەمی کۆنفۆشیۆس ، هەروەکو (د. حەمدان)دەڵێت : " لەسەرجەم پێداویستیە مرۆڤی و پرۆگرامی یە گشتیەکانەوە ، بەشێوەیەك ڕوون نەبووە تا سەدەی (6 پ.ز) ، تا ئەوکاتەی کۆنفۆشیۆس " دانای چینی ژیاوە .(د. حمدان ،2000-2001 ، ل3)ئەوماوەیەی کەشانۆی چینی دەکەوێتە پێش زاین ، شانۆی چینی تەنها بۆدەمەتەقێ و کات بردنە سەر بووە ، چەندان هونەرمەند لەمەیدانەدا خۆیان لەقاڵبداوە ، بەڵام چونکە لەلایەن کەمەڵەوە ، بەچاوێکی کەم تەماشا کراون ، بۆیە ڕۆژگاریش ناوەکانیانی لەبەردەم مێژوودا شاردووەتەوە .(هەورامی ، 2001، ل167)



قۆناغەکانی شانۆی چینی :

یەکەم / قۆناغی سەرەتایی : قۆناغێکی نامۆو سەیرە لەشانۆچینیدا ، هیچ شانۆیەك ناکەوێتە ململانێ لەگەڵیدا ، بۆئەم مەبەستەش زاراوەی (کاری کەلتووری) داهات بۆناو ژیانی چینییەکان و لەنیوەی هەزارەی یەکەمی پێش زایندا کەپێی دەوترێت دەرخستنی ڕووی ژیانی کەلتووری هونەرەکان . ((http://www.al-jazirah.com/2001/20010710/cu17.htm
لەم قۆناغەدا شانۆی چینی بریتی بووە لە :

1. قەسیدەی شیعری لەجیاتی دەقی شانۆنامە. 2. ژمارەیەك دانەری

موزیك بەشداربوون . 3. سەدان سەماكەری تەعبیری . 4. بەكارهێنانی جل و بەرگ و ئێكسسوارات و چەك لەبۆنەو ئاهەنگەكاندا . 5. بەشداری جەماوەرلەو سەماو دەربڕینانەدا .

دووەم / قۆناغی شانۆی ئەكرۆپات : ناوی دووەمی شانۆی سێرك (پای هسی – Pai Hsi) ئەم بۆچوونە بەچینی واتە سێرك كەپشتی بەستبوو بە مەهارەتی جولەو ئازایەتی و بەكارهێنانی گوریس و لاستیك و یاریە ئاگرینەكان ، هەروەها دواتر ئەم جۆرە هونەرەو جۆرەكانی تریش سەریان هەڵدا . ((http://www.al-jazirah.com/2001/20010710/cu17.htm

لەم قۆناغەشدا ، شانۆبریتی بووله :

1. دەق : كەبریتی بووله " چیرۆك و حیكایات " ی میللی . 2. بەرزی ئاستی هونەری . 3. هونەری خیال الڤل (یینگ هسی – Iing His) ئەم بۆچوونەش بەچینی بەشێوەیەكی فراوان بۆاو بۆوە . 4. بەكارهێنانی تایبەتی و دیالۆگ و تایبەتمەندیە دراماتیەكان لەگوڕاوەكانی نمایشدا .

- **هونەری نواندن :**

دابەشكراوە بەسەركرۆ نۆلۆژیای شانۆدا، بەپێی جیزبەندی زەمەنی و گەشەی هونەرەكە لەسەردەمی "تانگ ئیبان " لەسەدەكانی ناوەڕاستدا بووبەپاپشتی مۆزوویی لەئەدەب و سەرهەڵدانی ڕۆمانی میللی و هەنەرمەندەكان . بەگشتی دەتوانین لەم قۆناغەدا هونەری نواندن لەچەند خاڵێكدا كۆدەكەمەوە :

1. بەكارهێنانی ئاماژەكانی " دەست و گووخسارو ئەندامەكانی جەستە " . 2. بەكارهێنانی ماسولكەكانی دەم و چاو . 3. شیعرو شانۆیەكان پشتیان بە چیرۆك دەبەست . 4. بەكارهێنانی چین و تۆنە دەنگیەكان و كاریگەری دەنگی . 5. پشت بەستن بە زەخرەفەو هونەری شێوەكاری لەڕازاندنەوەو دیكۆردا .

2. **سێهەم / چاخی گوان – Juan :**

لەم چاخەدا ، دراما بەستراپەوەبە ژیانسا هونەری و زانستیەكانەوە ، لەدیارترین ئەو شانۆكارانە " كوان هان تشینگ – Kuan Han Csing " كەنووسەری 60درامای بووە و تۆماركراون . سەرەتا كەشانۆنامەی دەنووسی بۆخوێندنەوە بوون نەك نمایشكردن ، دواتر بوون بە چەند پەردەیەكی زۆر و

لەوشەوە بۆ پشەکیەك و چوارپەردە ، لەپناو نواندن و نمایشکردن . هەروەها کارکردن لە شانۆی کۆمیدی دا واتای " ئیرتجال – خۆزاهی " هەبووەو ئاماژە بووە بە و شانۆیەی سەدەی 13زاینی دا باوبووە ، وەکو ئەوەی لەسەدەی 16ی زاینی لە "کۆمیدیای دیلارتۆ – Commedia Dellarte " کەئەم دامەزراوەیە تاکو ئەمرۆش هەرماوە .

شانۆی چینی هاوچەرخ ، پەلە (خادعەالبصر – I llusionism) کە بۆئیستاتیکا و دەرخستنی هونەر جۆراوجۆرەکانی شانۆ بەکاردێن ، سەرباری ئەوەی پێن لە زەخرەفەو تەکنیکی بەرزو ئێکسسوواراتی هەمەجۆرو دیکۆرو سینۆگرافیای هاوچەرخ و ئازاوەو هەمەڕەنگ .

شانۆی چینی خۆی شەپۆلەکە و هەرتاکێکی ئەکتەر قوتابخانەیەکی سەربەخۆبووە لەکۆندا دابەش بووە بۆ قوتابخانەی (باکوری و باشووری) و لەوشەوە دێتە ناوژانرەکانی (داستانی و تەعبیری) هەروەها پشت بەستوو بووە بە ئەدەبی فۆلکلۆریی و ناوچەیی .

بەگشتی ژیانی شانۆو دراما لەسەدەکانی چاخی "مینگ " دا بەدیار کەوتووەو دواتر بەئاراستە میللیەکەیدا گەشەی کردووەو پشکەوتووە ، سەرباری ئەمەش قوتابخانەی ئۆپێرا کەئیتر لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم قوتابخانەیەدا لەچارەکی یەکەمی سەدەی 16 زاینی شاعیر (لیانگ بۆنگ) و دانەری مۆزیك (فای لیانگ فو) ئەم قوتابخانەیەیان دامەزراند بەناوی (کونشانی بۆئۆپێرا).

https://draft.blogger.com/blog/post/edit/1248561231584137 52/8201963982683792421

3. **کۆتایی :**

ماوەتەوە بڵێین ، لەم قۆناغەدا کەلەساڵانی (1644-1912)زاینی ، تەقەنیەی بەرزی نواندن خرانەووو کە بۆ (الاسلبە –شۆوازاندن) گونجاو بوون و لێرەوە شانۆیەکی مۆدێرنی هاوچەرخ دەستپێدەکەن .

لیستی سەرچاوەکان :

4. د. حمدان ، محمد زیاد ، گەشەکردنی خوێندنگا لەبەرەبەاینی مۆژووەوە تائیمۆ ، وەرگێڕانی ، بەسەز سعید محمود ، پیاچونەوەی ، حمەصالح ، وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ، ساڵی 2000 -2001 2. هەورامی ، حەمەکەریم ، درامای کوردی لەناو درامای جیهاندا ، دەزگای چاپ و باوکردنەوەی ئاراس ، زنجیرەی ڕشنبیری، هەولێر : 2001

4. http://www.al-jazirah.com/2001/20010710/cu17.htm .5
https://draft.blogger.com/blog/post/edit/124856123158413752/8201963982683792421

